وزارەتی پلاندانان: لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوو پارەی بژمارەکانی راپرسی دابەشدەکرێت

ئەمڕۆ یەکشەممە، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، سەرجەم ڕێکارەکارگێڕی و دارایییەکان تەواو کراون و لەمڕۆوە بەدواوە بەرایەتییەکانی ئاماری پارێزگاکان هەڵدەستن بە ڵێکخستنی کارەکانیان و لەماوەی چەند ڕۆژی داهاتوشدا پارەکەیان بە خەرجدەکرێت .

وەزارەتی پلاندانان لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، لە ماوەی حەوت مانگی ڕابردو دوای هەوڵێکی زۆر و بەدواداچونی بەردەوام لەلایەن وەزیری پلاندانانی هەرێم و بریکاری وەزارەت، توانرا بەشی شایستەی دارایی تایبەت بە بەدواوە بەرەکان و یاریدەدەرەکان و بژمارەکان، لە حکومەتی عێراق وەربگیرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، ڕێکارە کارگێڕی و دارایییەکان تەواو کراون و لەمڕۆوە بەدواوە بەرایەتییەکانی ئاماری پارێزگاکان هەڵدەستن بە ڵێکخستنی کارەکانیان بە دابەشکردنی ئەو شایستە داراییانە لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتودا.

ئەوەشیخستەتەو، هشتا زیاتر لە 13 ملیار دینار ماوە بنردرت بە هەرمی کوردستان، تایبەت بەو خەرجییانەی فەرمانبەرانی وەزارەت و دەستەی ئامار و بەوەبەرایەتییەکانی سەر بە دەستە لە پارزگاکان و ئیدارە سەربەخکان، سەرباری ئەوەی بیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عراقی پە دەرچوە، بەام دامودەزگاکانی حکومەتی عراق کەمتەرخەمی دەکەن لە جبەجیکردنی، وەزارەتی پلاندانانی هەرم لە هەوی بەردەوامدا دەبت بە وەرگرتنی تەواوی مافە دارایییەکان کە نەدراون، تاکو مافی فەرمانبەرانی ئامار لە هەرم نەفەوتت.